# بەرهەم صالّح نوێنەری خەڵکی هەڵەبجە نیە

هیدایەت مەلا عەلی

ڕۆژی 2005/1/22 بەرهەم صالّح سەردانی شاری هەڵەبجەی کردو کۆبەنەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لە کەس و کاری قوربانیانی چەکی کیمیای ئەو شارەدا ئەنجام دا . خەڵکی شاری هەڵەبجە 17ساڵ پێش ئێستا لەلایەن ڕژێمی سەرکوتگەری بەعسەوە بەچەکی کیمیای بۆردومان کران و ئەو کردەوە دژی ئینسانیە کارەساتێکی ئینسانی گەورەی لیّ کەوتەوە و تاکو ئێستا کاریگەری ئەو وەحشیگەریە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەسەر خەڵکی هەڵەبجەو ناوچەکەوە دیارە .کارەساتی هەڵەبجە تەنها وەك یادەوەریەك ئێستا لە بیر و یادگاری خەڵکدا نەماوە بەڵکو خەڵکی هەڵەبجە و سەرجەم ئەو کەسانەی دەستی دڕەندەی کیمیابارانی بەعسیان پێگەشت تاکو ئێستاش کاریگەری ئەو کردەوەیەیان بە ژیان و گوزەران , چارەنووس , باری دەرونی , تەندروستی , دار , درەخت , ئاو ,زەوی ئەم شارەوە دیارە . بەڵام خەڵکی هەڵەبجە دوای کیمیاباران کردنیان لە ساڵی 88 تاکو ئێستا تەنها کێشەیان ئەوە نەبووە کە سەخترین چەکی کۆکوژیان بەرانبەر بەکارهێناون و هەزاران لە ئازیزان و خۆشەویستەکانیان لە دەست داوە . بەڵکو لەدوای کیمیابارانیش خەڵکی ئەم شارە و ژیان و ئەمنیەت و مافە سەرەتایەکانیشیان بوونە بارمتەو سیناریۆی عەجیب و غەریبیان لێدەداشی .نەبوونی , برسیەتی ,کاول بوونی شاریان کردبووە چەکی دەستیان بۆ سەلب کردنی ئیرادەی خەڵك و هەرجارەی بە بیانوویەکەوە ئەم شارەو خەڵکی ئەم شارە بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکار دەهێنن . کیمیابارانی هەڵەبجە لەنێو هاوکێشە یەکی سیاسی جیهانی و ناوچەی و محەلیدا ڕوویدا کە ئاکامی شەڕی خوێناوی 8 ساڵەی نێوان عێراق و ئێران بوو . هێزە محەلیەکانی بەشداربوو لەم تاوانەداکە دەرهەق بەخەڵکی هەڵەبجە کرا حیزبەکەی بەرهەم صالّح و سەرجەم حیزبە هاوپەیمان و دەستەتاقمە ئیسلام یەکان بوو . بەرهەم صالّح بیرچووە کە حیزبەکەی پێش لەشکری سووپای دڕەندەی ئێران بوو بۆ داگیرکردنی هەڵەبجەو تێك دانی ژیانی سەدان هەزار ئینسان . لەسەر دەستی حیزبەکەی بەرهەم صالّح و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و دەستەوتاقمی ئیسلامی ناو ژیان و دەست و پێی خەڵکی هەڵەبجە بوویە مەیدانی جەنگ و دەیان شەڕو کوشتارو ئینسان کوژی لێکەوتەوە .لەسەر دەستی ئەم بەڕێزانەی ئێستا خۆیان بە نوێنەری خەڵکی هەڵەبجە دەزانن دەیان جار لە ئەنجامی شەڕە ناوخۆکانیان دەوری شاریان گرت و ئابلۆقەی ئابوریان خستە سەر هەڵەبجەو کارەبا و مووچەو پارووی دەمی خەڵکیان کرد بەقوربانی دەستەڵات و ناوچەکانی نفوسیان . لەسەر دەستی حیزبەکەی بەرهەم صالّح کە ئێستا بە ناوی قوربانیەکانی هەڵەبجەوە قسە دەکات و فرمێسکی تیمساحی هەڵدەڕێژێت سەرەتا یترین مافەکانی خەڵکی هەڵەبجە لە سەیران و گۆرانی و تەنانەت تاوڵەش خرایە خزمەت ڕاگرتنی تەوازنی هێز و شەریك کردنی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی لە حکوومەت پێشکەش کردنی پارە و چەك و وەزارەت بەم دەستەوتاقمەی ژیانی خەڵکی هەڵەبجەیان کردە دۆزەخ . لە سەرەتای ڕاپەڕینی ئازاری 91 ئێمە ژمارەیەك مامۆستا بووین بەشێك لە خوێندنگاکانی هەڵەبجەمان کردەوە بۆ ئەوەی منالانی ئەو شارە مەحروم نەبن لە خوێندن و ئێمە بتوانین خزمەتێکی سەرەتای یان پێشکەش بکەین.لەوکارەدا ئێمە زۆری پێداوویستەکانی خوێندنگاکان خۆمان دابینمان دەکرد ئەو سەردەمە حیزبەکەی بەرهەم صالّح و هاووپەیمانەکانیان لە گەڵ ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس لە گفتووگۆدا بوون کە سیان ئامادە نەبوون سادەترین یارمەتی ئێمە بدەن چونکە ڕژێمی دژە ئینسانی بەعس هەڵەبجەو ناوچەکەی بە ناوچەی محەرەمە حیساب دەکردو ئەمانیش بەخاتری ڕاگرتنی دڵی ئەو سەرکردە دۆڕاوانەی ئێستا بەتەمان پەتیان کەن و لە

هەڵەبجە دادگایان بکەن هەمان هەڵوویستیان هەبوو . بەرهەم صالح وادەو بەڵێن دەدات بۆ قەرەبوو کردنەوە و لەبیر نەکردنی خەڵکی هەڵەبجە ئەڵبەت ئەم قسەیە لە هەرکەس وەربگیرێت لە ئەو وەرناگیرێ چونکە بەرهەم صالح پێش ئەوەی هەر بەڵێنێك یاخود باسی هەر بودجەیەك بکات بۆ خەڵکی هەڵەبجە. ئەبێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات لە کاتێکداکە سەرۆکی حکوومەت بوو چی دەستی گرتبوو کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵکی هەڵەبجە بکات لە کاتێکدا بە قسەی خۆی پارە زۆرە و کێشەی داهاتیان نیە . ئەبێت خەڵکی هەڵەبجە ئەو پرسیارە لەو میوانە بکەن کە تەنها بۆ مەرام و هەڵبژاردن سەردانیان دەکات و پێی بڵێن لەسەردەمی سەرۆکایەتی تۆدا فەسادی ئیداری بەلووتکە گەشت و تەنانەت ئیدارە و سەرکردایەتی حیزبەکەت ئیتر نەیان توانی ئەو واقیعەتە بشارنەوە بۆ پرژێکی ئەو پارە و داهاتەی ئەنفال کراو کیمیای لێیدا بەر خەڵکی هەڵەبجە نەکەووتن .بۆ سەدان ئینسان کە ئێستاش بە هۆی نەخۆشی بۆماوەو تێك چوونی لەش و لاریانەوە لە ژێر کاریگەری چەکی کیمیاویدا ڕزگاریان ناکەن و بەڵێنەکانتان تەنها لە چوار چێوەی قسەدا نەمێنێتەوە .خەڵکی هەڵەبجە لە قسەو شیعر و هۆنراوە تێری خواردووە خەڵکی هەڵەبجە لە پەنجە ڕاوەشاندن و پەخشان کردنی وەعدەو بەڵێن تێریان خواردووە .هەتا ئێستاش قوڕ و چڵپاوی کۆڵان و گەڕەکەکان ئینسان بەیەکجار بێزار دەکەن.کردنەوەی چەند خوێندنگاو خانوویەك بەرانبەر کاولکاریەك کە دەرهەق بەو شارە کراوە بەراوورد ناکرێت ومایەی شەرمەزاریە . لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی سەرکووتگەری بەعس و دوای نا ئومێد بوونی ئەمەریکاو هاووپەیمانەکانی لە دۆزینەوەی چەکی کۆکوژی جارێکی تر ئەم شارەو خەڵکی ئەم شارە بونەوە وەسیلەی سیناریۆ سازی لەلایەن ئەمەریکاو حیزبەکەی ئەم بەڕێزەی خۆی بە هەڵەبجەی ونوێنەر ئەزانێ .کۆڵن پاوڵ وسەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد یادگاری هەڵەبجەیان کردە ئەو وەسیلەی نیشان دانی بوونی چەکی کۆکوژی و یەکێ لە هەوڵەکانیان کە پێشتر تێیدا سەرکەووتونەبوون بۆ دۆزینەوەی چەکی کۆکوژی . ئەو پاوڵەی خۆی و حکوومەت و دەستەڵاتەکەیان لە کاتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا نوزە یەکیان لێنەهات چونکە دۆستی سەدام بوون . لەو شانۆگەریەدا کە خەڵکی هەڵەبجەیان کرد بە ئەکتەری وەك فریاد ڕەس و فریشتە نیشان درا. ئەوا ئێستاش جارێکی تر بەرهەم صالح و ئەحزابی دەستەڵاتداری کورد خەڵکی هەڵەبجەیان بیرکەوتەوەو کارێك و سیناریۆ یەکی تریان بە دەستەوەیەو وەك کاری هەمیشەیان هەڵەبجەو خەڵکی هەڵەبجە وەسیلەیە کی باشن بۆ فریودان و مسۆگەر کردنی ئامانجەکانیان . هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەوکارە یە کە بەرهەم صالح ئەگەیەنێتە هەڵەبجەو داوا لە خەڵکی هەڵەبجە دەکات کە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن . بەرهەم صالح بە خەڵکی هەڵەبجە دەڵێت بەخاتری عومەری خاوەر و ساوەکەی دەنگ بدەن . بەڵام خۆیان خاتری هەزاران عومەری خاوەرو هەزاران ساوایان نەگرت و پێش لەشکری سووپای پاسدارانیان کردو بوون بە بەشێك لە شەڕێکی خوێناوی کە بەقەدەر یەك سەرە دەرزی پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی هەڵەبجەوە نەبوەو نابێت . ئەمڕۆ بەرهەم صالح و حیزبەکەی و سەرجەم حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد پێوویستیان بە پەنجە مۆر هەیە بۆ ئەوەی کورسی باش وەربگرن لە مەرکەز . بەرهەم صالح دەڵێت ئەگەر کورسیمان زۆر بێت سەنگمان زیاد دەکات و ئەگەری ئەوەی جارێکی تری چەوسانە وەمان لە سەر نامێنێت دووپات دەکاتەوە . لە کاتێکدا ئەم قسانە دەکات بۆ خۆی ئەم سیناریۆیەی ناویان ناوە هەڵبژاردن خەڵکی هەڵەبجەو سەرجەم خەڵکی کوردوستان ئیلحاق دەکاتەوە بە مەرکەزێکەوە هەر لە ئێستاوە هەڕەشەی پلە دووی ومیوان بوون لە خەڵکی هەڵەبجەو کوردوستان دەکەن .زۆر تێنەپەڕیووە بەسەر هەڕەشەکانی غازی یاوەردا و قسە ترسێنەرەکانی سەرجەم شۆڤێنی و سیستانی و عەلاویەکاندا بۆ ڕاگرتنی عێراق وەك وولاتێکی عەرەبی و ئیسلامی . بەرهەم صالح و سەرجەم

حیزبە هاوپەیمانەکانیان دەیانەوێت کوردوستان بگێڕنەوە بۆ ژێر دەستەڵاتی مەرکەزو خەڵکی کوردوستان و هەڵە بجە بە قەولی خۆی بەرنە شەڕی کەمایەتی و زۆرایەتیەوە . ئەگەر خەڵکی هەڵەبجەو کوردوستان ببرێنە ئەم شەڕەوە بە دڵنیایەوە زەرەر دەکەن و پلە دووی مۆری نێوچەوانیانە و ئەوەی حیزبەکان چەند کورسیان هەیە هیچ پەیوەندی نیە بە چارەسەری کێشەکانیانەوە بە پێچەوانەی قسەکانی بەرهەم صاڵحەوە هەڵبژاردن وەسیلەی گێڕانەوەی سەرجەم خەڵکی کوردوستان و خەڵکی هەڵەبجەشە بۆ چوار چێوەی وولاتێك کە تێیدا پلە دوو میوانن .تەنها ڕێگاچارە بۆ ڕوونەدانەوەی ئەنفال وکیمیاباران و ئیعدام گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری خەڵکی کوردوستان کەلە ڕفراندۆمێکی ئازادا پێش هەڵبژاردن پرسیاریان پێبکرێ ئایا دەیانەوێت لە چوار چێوەی عێراقدا بمێننەوە یان دەووڵەتی سەربەخۆ پیك دەهێنن . بەبێ ئەم پرسە هەر بڕیارێك لە سەرو خەڵکی هەڵەبجەو کوردوستانەوەیەوە دەست و پێ بەستنیانەو گێڕانەوەیانە بۆ پلە دووی و ستەمی میللی .

بژی خەڵکی ستەم لێکراوی هەڵەبجە

بەرەو کوردوستانێکی ئازاد و سەربەخۆ